بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەلەوە

پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق

ژمارەی دەرچوون: ١٠

مێژووی دەرچوون: /٢٠١٨/٧

پشت بە حوکمی بڕگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، و لەسەر ئەو یاساکارییەش کە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (١)ی ڕۆژی ٢٠١٨/٦/٢٦ ئەنجامیداوە و، بەپێی ئەو دەسەلاَتەش کە لە بڕگەی (سێیەم)ی (ماددەی یەکەم) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ بەدەسەلاَتی سەرۆکایەتی پەرلەمان دراوە، بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠١٨
## یاسای بەرکارکردنی یاسای نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق

**ماددەی (١):**

یاسای نەهێشتنی بازرگانی کردن بە مرۆڤ ژمارە (٢٨)ی ساڵی ٢٠١٢ لە هەرێمی کوردستان ـ عێراق بەرکاردەبێت و، کار بە حوکمەکانی دەکرێت.

**ماددەی (٢):**

دامەزراوە و فەرمانگەکانی هەرێمی کوردستان ـ عێراق و ئەوانەی خاوەن پۆستن تیایاندا، جێگەی دامەزراوە و فەرمانگەکانی ناوەندی و ئەوانەی خاوەن پۆستن تیایاندا، لە هەرشوێنێکی ئەم یاسایەدا هاتبن دەگرنەوە.

**ماددەی (٣):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٤):**

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێك ناکرێت کە لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکۆك بێت.

**ماددەی (٥):**

ئەم یاسایە لە ڕۆژی بلاَوبوونەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان)دا جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچواندن

لە پێناو نەهێشتنی تاوانەکانی بازرگانی کردن بە مرۆڤ و بەرەنگاربوونەوەی شوێنەوارە ترسناکەکانی تاوانەکە و سزادانی تاوانباران و پاراستنی شکۆی تاکەکان و جێبەجێکردنی یاساکە لە هەرێمدا، ئەم یاسایە دەرچوێنرا.

| | | |
|---|---|---|
| **بێگەرد دلشاد شکراللە**<br>**سکرتێری پەرلەمانی**<br>**کوردستان ـ عیراق** | **جعفر إبراهیم ئێمینکی**<br>**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**<br>**کوردستان ـ عیراق** | **یوسف محمد صادق**<br>**سەرۆکی پەرلەمانی**<br>**کوردستان ـ عیراق** |

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**برلمان كوردستان – العراق**

**رقم الإصدار: ١٠**

**تاريخ الإصدار: /٢٠١٨/٧**

استناداً إلى حكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء البرلمان، وبناءً على ما شرعه البرلمان في جلسته الاعتيادية رقم (١) بتأريخ ٢٠١٨/٦/٢٦، وبموجب السلطة الممنوحة لرئاسة البرلمان بموجب الفقرة (ثالثاً) من (المادة الأولى) من القانون رقم (٢) لسنة ٢٠١٧، قرر إصدار القانون الآتي:

## القانون رقم (٦) لسنة ٢٠١٨

## قانون إنفاذ قانون مكافحة الاتجار بالبشر رقم (٢٨) لسنة ٢٠١٢ في إقليم كوردستان - العراق

**المادة (١):**

ينفذ قانون مكافحة الاتجار بالبشر رقم (٢٨) لسنة ٢٠١٢ في إقليم كوردستان – العراق، ويعمل بأحكامه.

**المادة (٢):**

تحل مؤسسات ودوائر إقليم كوردستان – العراق وشاغلي المناصب فيها محل المؤسسات والدوائر الاتحادية وشاغلي المناصب فيها أينما ورد ذكرها في هذا القانون.

**المادة (٣):**

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (٤):**

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (٥):**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

## الأسباب الموجبة

بغية القضاء على جرائم الاتجار بالبشر والحد من الآثار الخطيرة لها ومعاقبة المجرمين وحماية كرامة الأفراد وتنفيذ القانون المذكور في الإقليم، فقد شرع هذا القانون.

**بيكەرد دلشاد شكرالله**
**سكرتير برلمان كوردستان ـ العراق**

**جعفر إبراهيم ئيمينكى**
**نائب رئيس برلمان كوردستان ـ العراق**

**يوسف محمد صادق**
**رئيس برلمان كوردستان ـ العراق**